ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
82
25 ی نیسان/ ئەپریل 2024

## یەکی ئایار، ڕەمزی خەباتی چینی کرێکارە بەدژی سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری!

بەیاننامەی حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە ............ لاپەرە ٥



## سەردانی سودانی بۆ کۆشکی سپی!

عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٣



## وتەی سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

لاپەرە ٦

## بروسکەی پیرۆزبایی بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین بۆ کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین سڵاوی خەباتکارانە و هاوڕێیانەی خۆی پێشکەشتان دەکات و بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیسی کرێکاریی کوردستانەوە، بەناوی دکتۆر ئەحمد مەجدەلانی ئەمینداری گشتی و بەناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتە ناوەندیەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکات، ئەو کۆنگرەیەی کە ویستگەیەکی گرنگ لە کاروانی خەباتی حزبەکتان پێکدەهێنیت. حزبی ئێوە هەمیشە هەڵوێستی بەرچاوی هەبووە و خەباتێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەنجامداوە لەپێناو بەرگریکردن لە کرێکاران و


بۆ لاپەرە ٤

## ڕکابەری چین و هندستان

عوسمانی حاجی مارف

لاپەرە ٨

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## سەردانەکەی ئۆردوگان و پەیامەکانی!

موحسین کەریم

ڕۆژی دووشەممە ٢٢ی نیسان ڕەجەب تەیب ئۆردوگان سەردانی بەغدای کردو لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبوەوە. دواتریش سەردانی هەولێری کردو چاوی بە سەرۆکی پارتی و بەرپرسانی هەرێم کەوت.

کۆبوونەوەی ئۆردوگان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی عێراقدا، بە هاوڕێیەتی تیمێکی وەزاری بوو کە لەبواری جیاجیادا چەند ڕێکەوتنامەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان هەردولادا واژۆکرا. چوار پرسی سەرەکی بابەتی ڕێکەوتن و یاداشتەکانی نیوانیان بوو کە بریتی بوون لە پرسی ؛ ئاو، ئاسایش، بازرگانی و پیشەسازی.

بێگومان بۆ حکومەتی عێراق، پرسی ئاو، پرسێکی گرنگەو ساڵانێکە بوەتە کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتە. دروستکردنی چەندین بەنداو لەلایەن تورکیاوە لەسەر هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات، لەم دۆخە ژینگەیی و گۆڕانکاری کەشوهەوای ناوچەکەو عێراقدا دەتوانێ کارەساتی بێئاوی بۆ عێراق دروست بکات. ئەم پرسە چەکێکە بەدەست تورکیاوە بۆ دانوسان لەگەڵ عێراقدا. هاوکات بوونی هێزەکانی پەکەکە لەسەر خاکی عێراق و تەنانەت بەجۆرێک هاوکاری حەشدی شەعبی بۆ هێزەکانی یەبەشە، کەسەر بە پەکەکەیە، مەسەلەیەکی ئەمنی گرنگە بۆ تورکیا، دەکرێ وەکو کارتێکی فشار بەدەست عێراقەوە بەکاربهێنرێ بۆ ملدانی تورکیا بە داواکاریەکانی لەبواری ئاودا. بەوجۆرە، هەروەکو لە ڕاگەیاندنی

بۆ لاپەرە ٢

# درێژەی............ سەردانەکەی ئۆردوگان و پەیامەکانی!

هەردووولادا هاتوە، پرسی ئاو و ئەمن دوو بابەتی گرنگ و سەرەکی گفتوگۆو ڕێکەوتنەکانیان بووە.

بەڵام ئایا عێراق مل بە خواستی تورکیا دەدات بۆ ناسینی پەکەکە وەکو گروپێکی تیرۆریست؟ بێگومان لەم هەلومەرجەی ئێستادا عێراق کارێکی لەوجۆرە ناکات، لەبەرئەوەی کە یەکەم، ناسینی پەکەک وەکو گروپێکی تیرۆریستی ئەرک و وەزیفەی سەربازی و ئەمنی دەخاتەسەر شانی حکومەتی عێراق لە پەیوەند بە تورکیاوە بۆ لێدان لە پەکەکەو ڕادەستکردنەوەی ئەندام و هەڵسوڕاوەکانی! دووەمیش، لە بەرژەوەندی عێراق نیە خۆی تووشی ئەو کێشەیە بکات. لەبەرئەوەی لەلایەکەوە پەکەکە لەناو ڕیزبەندیە ناوچەییەکاندا لەپاڵ ئێراندا جێگای گرتووە ئێرانیش کە دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاری بەسەر حکومەتی عێراقدا هەیە، ئەوکارە لە بەرژەوەندی خۆی نازانێ وەکو هێزێکی ڕکابەری هەرێمی لەگەڵ تورکیا و ڕێگای پێنادات. بۆیە ئەگەری ئەوە زیاترە کە هەروەکو سودانیش ڕایگەیاند لە پەیوەند بە هەندێ ئۆپەراسیۆنەوە کە پەیوەندی بە تیرۆرەوە هەبێ ئامادەی هاوکاری بێ لەگەڵ تورکیا! ئەمەش ڕەنگە بەوەبگات کە حکومەتی عێراق بە ڕەسمی قبوڵی ناوچەیەکی ئەمنی بۆ تورکیا بکات یاخود چاوپۆشی لەو بنکە سەربازیانە بکات کە هەر ئێستا تورکیا لەناو خاکی عێراقدا لەهەرێمی کوردستان داناون!

سەربارەی پرسەکانی ئاو و ئەمن، پرسی ئابوری، یاخود وەکو خۆیان دەڵێن بازرگانی و پیشەسازی، پرسێکی گرنگی دیکەی ستراتیژیە بۆ هەردوو وولات. عێراق لەڕووی جوگرافیەوە پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ئەوروپا بۆ گواستنەوەو ئاڵوێڵی بازرگانی و هاوکات بەهۆی دەیان ساڵ شەڕ و وێرانکاریەوە، شوێنێکی گرنگە بۆ وەبەرهێنانی ئابوری و رووتێکردنی سەرمایە کە بوەتە جێگای چاوتێبڕینی کۆمپانیا و بلۆکە سەرمایەداریە گەورەکانی دنیا و دەوڵەتانی سەرمایەداری ناوچەکەش تا لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقدا پشکێکیان بەربکەوێ.

تورکیا، کە ساڵانێکە دەیەوێ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەکو هێزێکی هەرێمی لەلایەن جەمسەرە ئیمپریالیستەکانەوە قبوڵ بکرێ و نەخشی هەبێ لە دارشتنەوەی ئارایشی سیاسی- ئابوری ناوچەکەدا کە دەرگیری ناڕامی و شڵەژان بۆتەوەو دەبێت دوبارە سەقامگیری بۆ بگەڕێتەوە، وەکو ناوچەیەکی گرنگی جێگیربوونی ئەو پێگەیەی خۆی تەماشای عێراق دەکات. پێشنیارکردنی پرۆژەی (ڕێگای گەشەپێدان) لەلایەن تورکیاوە کە لەلایەن ( ٤) دەوڵەتەوە ( قەتەر، ئیمارات، عێراق و تورکیا) بڕیارە بە تێچووی (١٧) ملیار دۆلار جێبەجێ بکرێ، ڕۆژهەڵات و ئەوروپا لەڕێگای بەندەری فاو لە عێراق بە بەندەرەکانی تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ئابوری زەبەلاحەو بێگومان کۆمەکێکی یەجگار گەورە بە ئابوری تورکیا دەکات و تورکیاش لەو تەریکیە دەپارێزێ کە بەهۆی پرۆژەی ( ڕێڕەوی ئابوری- کۆریدۆری ئابوری) یەوە ڕوبەڕووی دەبێتەوە، کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکات و بڕیارە هندستان لەڕێگای کەنداو و ئەردەن و ئیسرایلەوە لەڕێگای بەندەری حەیفاوە بە ئەوروپا بگەیەنێ.

بەڵام مەسەلەیەکی دیکە کە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەی پێبکەین سەردانی ئۆردوگانە بۆ هەولێر و بایەخدانە بەپارتی و دانانی ئاڵای کوردستانە لەپاڵ ئاڵای تورکیاو عێراقدا لە کۆبوونەوەکاندا! ئەم ئیمتیازەی ئۆردوگان بۆ پارتی بەپلەی سەرەکی بۆ حکومەتی هەرێم، دەکرێ لە سێ لایەنەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێ؛

١/ ئۆردوگان وەکو هاوپەیمانێکی سیاسی – ئەمنی مامەڵەی پارتی دەکات و لەبەرامبەر فشارەکانی بەغدا لەسەر پارتی قورسایی و سەنگ بە پارتی ئەدات.

٢/ ئۆردوگان کەخۆی لەناوخۆی تورکیادا ئێستا باری لێژە بووە، دەیەوێ بەم موجامەلەیە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، کە تائێستا وەکو باکورێ عێراق و حکومەتی هەرێمی وەکو ئیدارەی باکوری عێراق ناوبردوە، ڕوخساری خۆی بەرامبەر بە خەڵکی کوردی تورکیا سپی بکاتەوەو سۆزو سەمپاتی ئەوان بۆخۆی حزبەکەی ڕابکێشی و دووریان بخاتەوە لە ئۆپۆزیسیۆن. هاوکات دۆخێکی ناڵەبارتر بۆ نفوزی پەکەک لەناوخۆی کوردستانی تورکیادا بخوڵقێنێ و خۆی حکومەتەکەی وەکو دۆستی خەڵکی کورد بناسێنێ.

٣/ بەو پشتیوانیەی لەپارتی و ئەو مامەڵە نوێیەی حکومەتی هەرێم، ناچاریان بکات کە لە پرسی ئەمنی و تەنگەبەرکردنەوەی پەکەکەدا لەچوارچێوەی سیاسەتی تازەیان لەگەڵ عێراق هاوکاری زیاتری تورکیا بکەن. کە ڕەنگە سەرەنجام بەوە بگات هەمان چارەنوسی حزبە ئۆپۆزیسۆنەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بەسەر پەکەکەشدا دوبارە بکەنەوە!

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

# سەردانی سودانی بۆ کۆشکی سپی!

عوسمانی حاجی مارف

هەر لەسەرەتای دانیشتنی بایدن و سودانی، بایدن ڕایگەیاند کە ئەمریکا پابەندە بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە. دوای ئەوەش بایدن دەستیکرد بە قسەکردن لەسەر هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەمەش هەر لەسەرەتاوە دژایەتی نێوان هەردوکیانی بەڕوونی نیشاندا.

بایدن جەخت لەسەر بەشداری وڵاتەکەی دەکاتەوە لە بەرگریکردن لە ئیسرائیل لەبەرامبەر هێرشی ئێراندا، لەکاتێکدا هەڵوێستی حکومەتی عێراق وەک پەیوەستبونی بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، دژی ئیسرائیل و سیاسەتەکانیەتی لە هێرشکردنی بۆ سەر غەززە.

سودانی سەرۆکایەتی حکومەتێک دەکات کە لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام عێراق وەک وڵاتێکی گرنگ بۆ ئەمریکا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە بایدن، سودانی دەخاتەبەر ئەو واقعەی کە بتوانێ هاوسەنگی نێوان هەردوولایان ڕاگرێت، ئەم بانگهێشتەی سودانی بۆ کۆشکی سپی دەستەبەرکردنی ئەو ئاراستەیەیە کە دەخالەتی ئێران و هێزە میلیشیاکانی لە عێراقدا سنوورداربکات.

سەردانەکەی سودانی کە لە سەختترین کاتدا بەڕێوەبرا، هاوکاتە لەگەڵ ئەم گرژیەی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا لەلایەک و ئێران لە لایەکی ترەوە، ئەم سەردانە قورساییەکی گەورەی خستەسەر ئەرکی سیاسی سودانی کە بتوانێ دامەزراندنی پەیوەندیەکی گونجاو و پتەو لەگەڵ هەردوو ئێران و ئەمریکادا جێبەجێ بکات، هەرچەند دۆخی نێوان واشنتۆن و تاران گرژتر بێت، ئەو ئەرکە بۆ سودانی قورستر دەبێت.

سودانی هەوڵەدات بتوانێ نوێنەرایەتی ئەو سەقامگیریە ئەمنی و سیاسی و ئابوریە بکات لە عێراقدا، کە ئاراستەیەکە بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی لە ئارادایە، کە چەندین ساڵە ناوچەکە بەگشتی لەسایەی داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێراق و دەخالەتی لە ناوچەکەدا، خولقێنەری گەورەترین کارەسات و نەهامەتی و نائارامی و ئەوپەڕی گێژاوی سیاسی بووە، هەروەها ناوچەکە شایەتحاڵی شەڕێکی وێرانکەر بوو لەگەڵ داعش. پێش ئەوەش قۆناغەکانی دەرگیر بە شەڕی تائیفی و قەومی لە عێراقدا کە دوای داگیرکاری ئەمریکا پێشهات، بەدوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە، عێراق چوە ناو دەورەیەکی تەواو جیاواز لە بارگرژی و ناسەقامگیری سیاسی بەردەوامدا، بەڵام ئەو ئاراستەیەش کە لەڕێڕەوی فەراهەمکردنی ئارامیە بۆ سەرمایەگوزاری لە عێراق و ناوچەکەدا، درەنگ یا زوو ناوچەکە دەخاتە دۆخێکی تەواو جیاوازو تازەوە.

لەو سەردانەی سودانی بۆ واشنتن، پرسی هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل زاڵ بوو بەسەر پرسیارەکاندا، بەتایبەتی کە هێرشەکە بە ئاسمانی عێراقدا تێپەڕیوە، لەوێشەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی لەڕێگەی عێراقەوە چوونەتە ناو ئیسرائیلەوە، ئەوەی شایانی باسە سودانی لەو بارەیەوە تەنها هەوڵیداوە بەڵانسێک ڕاگرێت و نەکەوێتە بەرامبەر ئەمریکا.

مەسەلەیەکی تر، بیرۆکەی کشانەوەی ئەمریکا بوو لە عێراق، چونکە سودانی بۆخۆی لەژێر فشاری هێزە عێراقیەکانی نزیک لە ئێراندایە، کە دەیانەوێت هێزەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە لە عێراق بکشێنەوە، بەڵام ئەمریکا هەرگیز دەستەواژەی کشانەوە بەکارناهێنێت، بەوپێیەی بوونی سەرباز گەرەنتیەک بۆ واشنتۆن پێکدەهێنێت، لە بەردەوامی دۆخی سەربازیی ئێستای عێراق و سوریادا، کە دوای هەڵمەتی دژی داعش بەدیهات، سودانی لەسەر کشانەوەی ئەمریکا ئەوەندە قسەی کردوە کە ئەوە تەنها داوای چەند لایەنێکە.

ئەوەی شایانی باسە، ئامانجی سەردانەکە، بەپێی بەیاننامەکەی سودانی، ئەوە نیشان ئەدات کە پەیوەندیەکان لەگەڵ ئەمریکا بگوازێتەوە بۆ قۆناغێکی نوێ کە بریتیە لە چالاککردنی برگەکانی ڕێکەوتنی چوارچێوەی ستراتیژی کە هاوتەریب بن لەگەڵ بەرنامەی حکومەتی عێراقدا، کە تیشک دەخاتە سەر چاکسازیە ئابووری و داراییەکان، هەروەها لەسەر هاوبەشی بەرهەمدار لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکانی جیهان بۆ سەرمایەگوزاری، لەهەمانکاتدا دەستەبەرکردنی دۆخێک، مانا بە ئاسایش و پاراستنی حکومەتی عێراق بدات.

ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین پەیوەندیەکانی لە نێوان عێراق و ئەمەریکادا سودانی دەیەوێت، چاوپۆشی لە ڕابردوو بکات، لەسەر بنەمای پەیوەندیە ئابوریە ڕاستەوخۆکان و دەرفەتی وەبەرهێنانی بەرهەمدار بگونجێنێت، دامەزراندنی پەیوەندی بانکی تۆکمە لەنێوان هەردوو وڵاتدا کە یارمەتیان دەدات تادۆخی چەرخاندنی سەرمایەگوزاری زیاتر فەراهەم بکات.

ڕەنگە ئەم سەردانە سەختترین سەردانی سودانی بێت بۆ کۆشکی سپی، لە هەلومەرجێکی دژواردایە کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت و واشنتۆنی سەرقاڵ کردووە، دیارترینیان شەڕی غەززە و گرژیی نێوان ئێران و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و ئیسرائیلە لەلایەکی ترەوە، بەتایبەت کە کەسانێک هەن لە واشنتۆن جەخت

لەسەر پێناسەی حکومەتی سودانی دەکەن، حکومەتێکە کە لەلایەن کوتلە چەکدارەکانی ئێرانەوە پشتگیری دەکرێت، بە ئاماژەدان بە سروشتی پێکهێنانی حکومەتێکە کە لەدایکبونێکی سەختی هەبووە دوای کارکردنی زیاتر لە ساڵێک، بەهۆی ناکۆکی سیاسی شیعە و شیعە، هەروەها لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی دیکەو، لەهەمانکاتدا کێشەکانی بەغداو هەولێر رۆڵێکی بەرچاوی بووە.

سێ دۆسێی سەرەکی هەن کە واشنتۆن لەم سەردانەی سودانیدا گرنگی پێداوە، کە لە بەیاننامەی بانگهێشتکردنی کۆشکی سپی بۆ حکومەتی عێراق ئاماژەی پێکراوە، یەکەمیان دۆسیەی رێکخستنەوەی پەیوەندی عێراقە لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، واتە ئەمریکی و بوونی هێزە سەربازیەکەی لە عێراق. دووەمیان ئەو دۆسیەی پەیوەستە بەو چاکسازیە داراییانەی کە حکومەتی سودانی جێبەجێی دەکات، بەوپێیەی واشنتۆن دەیەوێت جموجۆڵی دۆلار کۆنترۆڵ بکات، چونکە واشنتۆن پێیوایە عێراق کاری پێویست ناکات بۆ راگرتنی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران، هەروەها سپیکردنەوەی پارە ، جگە لە هاوکاری دارایی تیرۆر، بە ئاماژەدان بەو سامانەی کە لەلایەن کوتلە چەکدارەکانەوە لە عێراق کۆکراوەتەوە. دۆسیەی سێیەمیان تایبەتە بە سەربەخۆیی عێراق لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا، بەتایبەتی پرسی هاوردەکردنی گاز لە ئێرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی ووزە یان هاوردەکردنی کارەبا لە ئێرانەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، کە ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سزاکانی واشنتۆن بەسەر تاراندا.

سەبارەت بە دۆسیەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە پێشینەی کارەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" دایە، هەربۆیە حکومەتی عێراق ئەم دۆسێیە رادەگرن و سودانیش ناتوانێ قسەی یەکلاییکەرەوەی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت.

مەلەفی ئەو سزایانەی کە بەسەر بانکە ئەهلیەکانی عێراقدا سەپێندراوە بەهۆی تێوەگلانیان لە دۆسێکانی قاچاخی دۆلار بۆ ئێران، لەنێو ئەو دۆسێیانەی کە لە سەردانەکەشدا باسیان لێوەکراوە، دۆسێی دارایی و ئەوانەی پەیوەستە بە بڕیارەکانی گەنجینەی ئەمەریکا و کاریگەری بانکەکانی عێراق و قەرزەکانی عێراق دەگرێتەوە.

پێش ئەو سەردانەی سودانی، چوار ئەندامی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا نامەیەکیان ئاراستەی بایدن کردوە داوایان لە بایدن کرد کە دۆسیە سەختەکان لەگەڵ سودانی تاوتوێ بکات، لەنێوانیاندا پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر، کە بۆ یاسادانەران لە واشنتۆن دۆسێیەکی گرنگە، ئەم بابەتە زۆرجار باسی لێوەکرا لەو نامەیەی کە یاسادانەران بۆ بایدنیان ناردبوو، هەڵبەتە سودانی نەیدەویست بچێتە واشنتۆن تا لەگەڵ بەرپرسانی کورد کۆبونەوەی رێکخست و لایەکیشی لە کێشەی مووچەکردەوە، باڵیۆزی ئەمریکاش پاڵپشتی بۆ کۆبونەوەی نێوان سودانی و بارزانی کرد، بۆیە سودانی سەرکەوتوانە توانی لەو سەردانەدا ئەو دۆسێیە تێپەڕێنێت

واتە ئەو ئومێدو چاوەڕوانیەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم هەیانە، لەم سەردانەی سودانیدا، بەڵکو ئاورێک لە ئایندەیەکی تر بۆ حکومەتی هەرێم بدرێتەوە، مایەپوچ مایەوە. ئاشکرایە کە هەر لەسەرەتاوە ئەوە بۆ ئەمریکاو هەرلایەنێکی تری دەخیل لە دۆخی سیاسی عێراقدا پێشبینی لێدەکرێت، جگە لە جەختکردن لەسەر یەکپارچەیی عێراق و دامەزراندنەوەو جێگیرکردنی ناوەندبونەوەی عێراق، نەخشەو بەرنامەیەکی تر بۆ پەیوەندی بەغداو هەولێر لە ئارادانیە، هەر بەو مانایەش خۆرادەستکردنی حزبە کوردیەکان بە چارەنوسێک کە زیاتر بە حکومەتی بەغداوە دەیانبەستێتەوە رێگایەکی تریان نیە.

## درێژەی... بروسکەی پیرۆزبایی بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین

زەحمەتکێشانی کوردستان، هەروەها توانیویەتی ئامادەیی خۆی بسەلمێنێ و ببێت بە لایەنێکی ناوەندی لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستان و هاوکات ببێت بە چوارچێوەیەکی سیاسی و رێکخراوەیی بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی و بەهێزکردنی و بەستنەوەی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە عێراق و پایەکانی خۆی پتەوبکات وەک حزبێک بۆ چینی کرێکار. ئەم حزبە مەینەتیەکانی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشی هەڵگرتوە و هاوپشتی مەسەلەکانی گەلانی کرد، لەسەرووی هەمووشیانەوە، مەسەلەی رەوای فەلەستین و خەباتکردن بەلایەنگیرکردن لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنوس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین.
هاورێیانی ئازیز دەستان بەگەرمی دەگوشم و هیوای بەرەوپێشچوون و گەشەسەندن بۆ حزبی برامان دەخوازین، لەپێناو مانەوەی وەک وەفادارێکی بنەما و بەهاکانی کۆمۆنیزم و ئەنتەرناسیونالیزم، هەروەها بەردەوام بێت لە پەرەسەندن لەپێناو قایمکردنی ئامادەیی زیاتری سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی هاوشانی سەرجەم هێزە چالاکەکانی دیکە، بەتایبەت هێزی کرێکاری، ئەو هێزانەی کە لەسەر هەموو ئاستەکان هاوسەنگەریان پێکهێناوە بۆ خزمەتکردن بە ئامانج و تێکۆشانەکانیان لەپێناو بونیاتنانی دوارۆژێکی باشتر بۆ گەلەکانیان. ئێمە تێدەکۆشین بۆ پتەوکردنی پەیوەندی هاوکاری و هەماهەنگی بەردەوام لەنێوان بەرەی خەباتی گەلی فەلەستینی و حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان و هاورێیان لە چوارچێوەی هەر سێ حزبی کۆمونیستی کرێکاری، عێراق و کوردستان و ئێران، بەجۆرێک کە مەکانەتی بەرەیی و پێشرەوییانەیان پتەوتربکات.

١١-٤-٢

# یەکی ئایار، ڕەمزی خەباتی چینی کرێکارە بەدژی سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداری!

یەکی ئایار، ڕەمزی خەباتی چینی کرێکار لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاد، نزیک دەبێتەوە. کرێکاران لەسەرتاسەری دنیادا بۆ پێشوازی لەم ڕۆژە چینایەتیە خۆیان ئامادە دەکەن و جارێکی دیکە مارشی بەرەنگاری و تێکۆشان لەدژی سیستەمی چەوسێنەرانە و نایەکسانی سەرمایەداری و بۆ گەیشتن بە جیهانێکی یەکسان و ئازاد و کامەران بەگوڕوتینێکی گەورەترەوە بەرێدەخەنەوە! یەکی ئایار ڕۆژی نمایشی هێزی یەکگرتووی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێش و چەوساوەی ژێرسایەی نیزامی سەرمایەداریە لەپێناو دنیایەکی باشتردا.

ئەمڕۆ، لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ئەوتۆدا بەرەوپیری یەکی ئایار دەڕۆین، کە بۆرژوازی بەردەوامە لە شکاندنەوەی ئاکامەکانی قەیرانە یەک لەدوای یەکە ئابوریەکانی بەسەر شانی جەماوەری چینی کرێکار و بێبەشکراودا. ئەم هێرشە بەردەوامەی بۆرژوازی، نیشانەی لە سەرەتاییترین مافەکان و دەسکەوتەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش گرتوە و ژیانێکی کولەمەرگی تەنانەت لە جەرگەی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی بۆرژوازیدا بەسەر کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتدا سەپاندوە. برسێتی و هەژاری و ترس لە داهاتوو، بێکاری و هەڕەشەی بەردەوامی لەسەرکاردەرکردن، بۆتە مۆتەکەی ژیانی جەماوەری ملیۆنی چینی کرێکار و زەحمەتکێش. لەپاڵ سەپاندنی ئەو دۆخە سەختە ئابوریە بەسەر ژیانی ئینسانی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشدا، ژیانەوەی ڕاسیزم و سەرڕاستکردنەوە و چوونەسەر دەسەڵاتی ڕەوتە پەرگیرە ڕاستەکانی بۆرژوازی ڕۆژئاوایی، دژایەتیکردنی هەرجۆرە بزووتنەوەیەکی کرێکاری و یەکسانیخوازی و سۆشیالیستی، دژایەتیکردنی هەرجۆرە ڕێکخراوبوونێکی کرێکاری و هەوڵدان بۆ تەنگەبەرکردنەوەی یاسایی نارەزایەتیە کرێکاریەکان، شەڕ و سەپاندنی فەزای میلیتاریزم لەلایەن دەوڵەت و جەمسەرە ناکۆک و ڕکابەرەکانی بۆرژوازی ئارامی و ئاسایشی خەڵکی دنیای خستۆتە مەترسییەوە. بارگرژیەکانی ئەمریکا و چین لە پەیوەند بە تایوانەوە، شەڕی ڕوسیا و ناتۆ لەسەر خاکی ئۆکرانیا کە کۆمەڵگایەکی بەتەواوی وێران کردووە و دەیان هەزار قوربانی و ملیۆنەها ئاوارەی لێکەوتۆتەوە، لەپاڵ شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا و لەبەریەک هەڵوەشاندنی چەندین کۆمەڵگا و گۆڕینی ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ بۆ تراژیدیای ڕۆژانە و سەرەنجام کۆمەڵکوژی ئیسرائیل لە غەززە بە پشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا، ژیانیان بۆ ملیارەها مرۆڤ کردۆتە دۆزەخێکی ڕاستەقینە!

عێراق و کوردستانیش وەکو ناوچەیەکی گەرمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەو دۆخە سیاسی و ئابوریەی جیهان و ململانێ و کێشمەکێشی جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانی لەسەرە، سەرەڕای دەستێوەردانی هێزە هەرێمیەکانی وەکو ئێران و تورکیا، هەموو ئەوانە پێکەوە دۆخێکی سیاسی و ئابوری شڵەژاو و ناجێگیر و نائارامی بۆ دروست کردووە و ژیانی خەڵکی بەگشتی و چینی کرێکاری ڕووبەڕووی سەختیەکی کەمەرشکێن کردۆتەوە. چینی کرێکار، سەرباری ئەوەی کە نزمترین ئاستی ژیان و گوزەرانی بەسەردا سەپێنراوە و لەناو هەژاری بێوێنەدا ڕاگیراوە، هاوکات لەهەرجۆرە وەسیلەیەکی خەباتکارانەی دەستەجەمعی و ڕێکخراوەی جەماوەری و بگرە نەقابەی سەربەخۆی کرێکاری بێبەشکراوە و هەرجۆرە نارەزایەتیەکانی کرێکاران قەدەغەیە و ئاکامەکەی لەسەرکاردەرکردنە. بێگومان لەم دۆخە سەختەی ژیان و گوزەران و ئەو بێمافیە سیاسیەی کرێکاراندا، ئەوە دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردە کە بە قازانجی خۆیان و کۆمپانیاکان، یاسای کاریکی دژەکرێکارییان داسەپاندووە و بەهۆیەوە چ ئەو بەشەی چینی کرێکار کە لەکۆمپانیا و دامەزراوە ئابوریە ئەهلیەکاندا کاردەکەن و چ ئەو بەشەی کە لە دامەزراوە حکومیەکاندا کاردەکەن و ناوی کارمەندیان لێنراوە، بێبەشکردووە لە کەمترین پشتیوانەی یاسایی.

دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی لە عێراق و کوردستان، هەلومەرجی کاری هەرزان و کرێکاری بێدەنگکراو و سەرکوتکراویان سەپاندوە بەسەر چینی کرێکاردا. تەنانەت دۆخەکە بەجۆرێکە کە زۆرجار چ خاوەن کۆمپانیاکان و چ حکومەت، مووچە و کرێی کرێکاران و کارمەندانی خۆیان بۆماوەی چەند مانگ نادەن. لەوەش خراپتر حکومەتی هەرێم و ناوەند، لەچوارچێوەی ململانێی سیاسی خۆیاندا قوتی هاوڵاتیانی مووچەخۆری کوردستانیان بۆماوەی چەند ساڵ بەبارمتە گرتووە و یان بە چەند مانگ مووچەیان نادرێتێ، یاخود بۆماوەی چەندین ساڵ پاشەکەوتی مووچەیان بەسەردا سەپاندوون.

کرێکارانی عێراق و کوردستان و کارمەندان و فەرمانبەران، لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا بەردەوام لەرێگای دەربڕینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتن و بایکۆتەوە، کە زۆرجار ڕووبەڕووی پەلامار و هێرشی دەزگا داپڵۆسێنەر و چەکبەدەستەکانی بۆرژوای دەسەڵاتداری ناوەند و هەرێم بوونەتەوە و دەیان قوربانییان داوە، بۆ بەدەستهێنانی

مافەکانیان لە موچە و دامەزراندن و خزمەتگوزاری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و ئازاد بۆ هاولاتیان، یەخەی دەسەڵاتدارانی عێراق و هەرێمیان گرتووە. کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٩دا بۆ ماوەی چەندین مانگ دەسەڵاتی میلیشیایی عێراقیان هێنایە لەرزە، کە بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان درایەوە. لە هەرێمی کوردستان، مامۆستایان، مووچەخۆران، کرێکاران، فەرمانبەران، بە چەندین شێوەی جۆرواجۆر نارەزایەتی و بێزاری خۆیان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی هەرێم نیشان داوە بەهۆی زەوتکردن و دەستگرتن بەسەر قوتی خۆیان و خێزانەکانیاندا و بەهۆی ئەو دۆخە سەختە ئابوری و سیاسییەی بۆیان دروستکردون. کرێکارانی ژینگەپارێز و چەندین ناوەندی پیشەسازی بۆ بەرگریکردن لە کرێ و هەقدەستەکانیان و سەلامەتی کارەکەیان و... تاد. چەندینجار مانگرتن و خۆپیشاندانیان ئەنجامداوە. مووچەخۆران و بەتایبەتی مامۆستایان، بۆ ماوەی نزیکەی (٥) مانگ دەرگای خوێندنگاکانیان داخست دژی نەدانی موچەکانیان. بەوجۆرە کێشمەکێشێکی ڕاستەقینە لەسەر ژیان و گوزەران و مافەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا بەڕێوەچووە. سەرەنجام ئەوەی کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و سەرجەم بێبەشانی کوردستان پێیگەیشتوون، ئەوەیە کە بۆ بەدەستهێنانی سەرەتاییترین ماف و داواکارییان تەنها ڕێگای بەرەنگاری و وەستانەوەیان بەڕووی دەسەڵاتدارانی بۆرژوایی بۆماوەتەوە. چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێشی کوردستان سەرەتای ڕەوتێکی خەباتکارانەی هوشیارانەیان دەست پێکردووە، کە دەبێ ئەو ڕەوتە کاریگەرتر و بەهێزتر و مونسەجیمتر بکرێ لەڕێگای دامەزراندنی ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەریە سەربەخۆکانیانەوە لە هەموو ناوەندێکی کارکردندا، چ ئەهلی بێت چ حکومی. ڕێکخراوبوونی کرێکاران، مامۆستایان و فەرمانبەران مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشان و هاتنەدی داواکاریەکانیان و پاشەکشەکردنە بە خاوەنکارو خاوەندەسەلاتەکانی بۆرژوازی. با یەکی ئایاری ئەمساڵ بەردی بناغەی ئەم بزووتنەوە سەراسەری و ڕێکخراو و یەکگرتوەی کرێکاران و جەماوەری بێبەشانی کوردستان دابنێت.

بژی یەکی ئایار، بژی ڕۆژی بەرخۆدان وڕیکخراوبونی کرێکاری.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
٢١/٤/٢٠٢٤

# وتەی سەمیر عادل،سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بۆ کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

بەیانیتان باش هاورێیان

بەناوی خۆم و کۆمیتەی ناوەندی حزبمانەوە، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم بۆ بەستنی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

ئەوەی کە بۆتە مایەی دلخۆشی و جۆش وخرۆش، بەتایبەت لەم بارودۆخە هەستیارەدا، نەک بەتەنها لەئاستی ناوخۆیی، بەڵکو لەئاستی ناوچەیی و جیهانیشدا، وە لەنێو جەرگەی ئەو ئاڵوگۆڕە ڕیشەییە سیاسی و ئابوریانەی کەوا هەڕەشە لەچارەنوسی مرۆڤایەتی دەکەن، ئەوەیە کە ڕێزێک لە کۆمونیستەکان لەژێر سەقفێکی دیاریکراودا کۆبونەتەوە، کە سەقفی کۆنگرەی شەشەمە، پێداگرتن لەسەر ئاڵوگۆرپێدانێک کە جارێکی دیکە هیوا دەبەخشیتەوە بەوەی کە دونیایەکی باشتر ئیمکانی هەیە، سەرەڕای دانتیژکردنەوەی بۆرژوازی جیهانی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەسەرحیسابی ژیان و ئەمنیەت و ئارامی و ئازادی و رەفاهیەتی چینی کرێکار وسەرجەم جەماوەر.

ئازیزان

سەرەڕای هەموو کەموکورتیەکانمان، سەرەڕای سەرجەم ئەو تێبینیانەی که لەلای هەر یەکێکمان هەیە، لەم کۆنگرەیە، سەبارەت بە قۆناغی رابردو لە ژیانی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوو، سەرەڕای جیاوازی لە بۆچونەکان و لێکدانەوەکان، بەڵام پێویستە سەرنج بدەینە تەنیا مەسەلەیەک و بەجدی و لە بەرچاوی بگرین، ئەویش توانایی ئەم حزبەیە بۆ بردنەپێشەوەی هێڵی سیاسی مەنسور حکمەتە، بەهەموو مانا سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتیەکەیەوە، هەروەها پێشرەوبێت لەپتەوکردنی سەنگەری کۆمۆنیزمی کرێکاری.

ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوون سانا نەبوون، گرتنەبەری هێڵێکی سیاسی جیاوازو سەربەخۆ لەسەرجەم رەوتە بۆرجوازی و چەپەکان کارێکی ئاسان نەبوو، هەر لە جەنگی ڕوسیا لە ئۆکرانیا لەوێشەوە بۆ ڕاپەرین لە ئێران و تاوەکو بە مەسەلەی فەلەستین وە گەیشتن بە پشتیگیریکردن لە خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە کوردستان.

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بەم هێڵە بدوێین، مەبەستم هێڵی کۆمونیستی ڕۆشنە، هێڵی مەنسور حکمەت، ئێمە بەبێ زیادەڕۆیی دەستکەوتەکانی بەدەی دەکەین، با سەرنج بدەینە ئەو بەرەیە کە بوونیاتمان نا لە دەرەوەی وولات، لە جەنگی ئۆکرانیا، نەکەوتە نێو تەڵەی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواییەوە، نەکەوتنە نێو قوڕاوی پێشێلکاری سەروەری نیشتمانی و یاسای نێودەوڵەتی لە سەرکۆنەکردنی ڕوسیادا، یاخود لە بەرگریکردن لە ڕاپەڕینی ئێران و هێنانەمەیدانی هێڵێکی کۆمونیستی سەربەخۆ لە ناسیونالیستەکانی کورد و فارس و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و میلیتاریزمەکردنی ڕاپەڕین، یان لە مەلەسەی فەلەستین کە چەپ دابەش بوو بەسەر چەپی دژ بە حەماس لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی ئیسلامی سیاسی و یاخود لە باشترین هەلومەرجدا بەرەیەکی پێکهێنا کە قیبلەنماکەی وونکرد لەژێر ناوی وەفاداری ئایدۆلۆجی، سەبارەت بە چارەسەرکردنی مەسەلەی فەلەستین و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئالای کۆمۆنیزمی کرێکاری دەرکەوتوو بوو، بەتایبەت لە دەرەوەی وولات، ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان بەر لە هەردوو حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حکمەتیست-خەتی ڕەسمی.

لەنێو جەرگەی ئەم ڕووداوانەدا، حزب خەباتێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی بەرێخست بۆ دیفاع لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، وە توانی بەشێوەیەکی دیاریکراو ببێتە بەشێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە کوردستان، و پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڵسوراواندا ببەستێت و ببێتە خاوەن قسەو ببێتە جێگای هەڵبژاردنیان، ئەوەش بە بانگهێشتکردنیان بۆ گوێگرتن لە سیاسەتەکانی حزب و پێشنیارەکانی. لەماوەیەکی کەمدا توانی ئەلتەرناتیڤێک لە بیرکردنەوە و زیهنی چالاکواندا بهێنێتە کایەوە ، کە ببێتە چوارچێوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی و بەهێزکردنی و بەستنەوەی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی لە عێراق. جگە لەمانەش حزب هەنگاوی جدی هەڵهێناوە بۆ تێکشکاندنی بەربەست لە نێوان حزب و چینەکەی، وە بەمانایەکی دیکە ئەگەربتوانم بڵێم، بڵاوکراوەی( دەنگی کرێکار) هەنگاو بە هەنگاو بەرەو حزبێکی کرێکاری دەگۆردرێت.

هاوڕێیان

ئێمە هەمیشە دەستەواژەی ئەوە بەکاردەهێنین، کە ئێمە نامەنەوێت بکەوینە نێو تەڵەی زێدەڕۆیی(مبالغە)یەوە. لەهەمانکاتدا لەسەرمانە بزانین ئەم حزبە لەنێو ئەم بارودۆخە سیاسیە ناوخۆیی و جیهانیەدا، لە کوێدا وەستاوە، وە بە شێوەیەکی بابەتیانە جێگاوڕێگای حزب لەنێو هاوکێشە سیاسیەکان لەئەمڕۆدا هەڵبسەنگێنین، بەبێ خۆکوتانەوە. چەپ دوو خەسلەتی ناکۆکی هەیە، یەکەمیان خۆکوتانەوە و دواتریش کەوتنە نێو تەڵەی هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیەوە. ئەمجۆرە لە هەڵسەنگاندن بەدەردی ئێمە ناخوات، حزبیش ناگەێنێتە ویستگەیەکی تازە، بەڵکو جۆرێک لە نائومێدی دێنێتەکایەوە بەشێوەیکی دیاریکراو. دووەمیشیان بریتیە لە پیاهەڵدان بە خۆداو و ڕووانین بۆ بابەتەکان و ڕێکخستنیان بەگوێرەی ئەو پرۆسانەی کە لەنێو زیهنی خۆیدا کاردەکەن.هەروەها جێگاوڕێگای کاری ڕێکخراوەیی خۆی لەرێگەی کۆکردنەوەی جەبری چالاکیەکانی هەڵدەسەنگێنێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی بزوتنەکەی لەنێو کۆمەڵگاوە.

ئازیزان

هێشتا ئێمە دوورین لەوەی کە ببین بە یەکێک لە هەلبژاردەکانی کۆمەڵگا، دوورین ببین بە بەشێک لە هاوکێشەی سیاسی ، سەرەڕای دەستکردنمان بە نارەحەتکردنکردنی دەسەڵات و نۆکەرەکانی لە کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ حزبێکمان هەیە کە سەرکردایەتیەکی سیاسی هەیە و خاوەنی هێڵی سیاسی ڕۆشنە و لەمڕووەوە هیچ دوودڵیەکی نیە، هەروەها دامەزراوە حزبیەکانمان هەیە، کە ئەمانەش پێشەکیەکن بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری گەورە لە بزوتنەوەی کۆمونیستی و دواتریش لە کۆمەڵگادا.

هاورێیان ئەوەی دەمانەوێت بیلێین ئەوەیە، کەئێمە نە تەنها وەک وەفدی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی عێراق، بەڵکو وەکو بەشداربوویەک لە بەسەرکەوتن گەیاندنی کارەکانییدا، ئەوەی کە مایەی دڵخۆشی و جۆش وخرۆشدانە، ئەوەیە کە ئێمە لەسەرەتای ڕێگادایین، بەڵام لەسەر ڕێگای ڕاستین. دەمەوێت جەخت لەسەر ڕێگای ڕاست بکەمەوە، ئەمە خاڵێکە پێویستە لەبەرچاومانی بگرین.

ئەوەی کە بروانێتە ڕاپۆرتەکان و بەڵگەنامەکانی ئەم کۆنگرەیە، دەبینێت کە ئەم حزبە پێشەکیەکانی بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم کۆنگرەیە داناوە. ئێمە هیچ نیگەرانیەکمان نیە لەمبارەیەوە ، گرنگ ئەوەیە کە چۆن پاڵ بە ڕەوڕەوەی ئەم حزبەوە بنێین، یاخود وەک ئەوەی کە مەنسور حیکمەت لە وەسفی حزبدا دەیوت ( ماشین جنگی) بۆ پێشەوە بەرین.

بژی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

بژی حزبی کۆمونیستی کرێکاریی کوردستان

٢٩-٣-٢٠٢٤

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

# ڕکابەری چین و هندستان

عوسمانی حاجی مارف

ڕێکەوتنی هیندستان و ئیمارات، بەشدارە لە بەرزکردنەوەی چانسی پێشکەوتنی پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووری نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا، کە لەچوارچێوەی ستراتیژی فراوانی ئیدارەی جۆ بایدنە بۆ کۆنترۆڵکردنی کاریگەری چین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، جێگیربونی چین بووەتە واقعێکی حاشا هەڵنەگر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکاش بەدوای هەلی ڕووبەڕووبونەوەیە لە ڕکابەری بەرامبەر پرۆژەکانی چین. سەرهەڵدانی بەرچاوی چین لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سنووری ئابووریدا ناوەستێت، بەڵکو لەم دواییانەدا درێژبووەتەوە بۆ لایەنی سیاسی، ئەمەش لە ڕێککەوتنی نێوان سعودیە و ئێران بە نێوەندگیری پەکین دەرکەوت، نێوەندگیریەک کە چینی بەڕکابەرێکی گەورە لەسەر شانۆی جیهانی لە بەرامبەر ئەمریکادا نیشاندا.

هەرچەندە ئەمریکا لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بێباکیەکی ڕونی لە پاراستنی پەیوەندی و نفوزی خۆی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانداوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی گرنگیە جیۆپۆلەتیکی و ئابووریە زەبەلاحەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێ لەگەڵ چین بووە هۆی ئەوەی ئیدارەی بایدن بیر لەو ستراتیژە بکاتەوە، کە پرۆژەی "ڕێڕەوی ئابووری" وەک ڕکابەرێکی ستراتیژی لەبەرامبەر، دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگاوبان"ی چینی ببینێت، کە دواجار دەبێتەهۆی دروستکردنی زنجیرەی نوێی دابینکردن بۆ ئەوروپا، کە پشت بە هیندستان دەبەستێت لەبری پشتبەستن بە چین، بۆیە ئیدارەی بایدن دەیانەوێت بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دۆخەکاندا بکەن.

لەڕۆژی سێشەممەی ١٣ی شوبات، هیندستان و ئیمارات ڕێکەوتنێکی چوارچێوەیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی ئابوری نێوان هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا واژۆکرد، ئەو ڕێڕەوەی پێشتر لە "لوتکەی گرووپی 20G" لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوودا ڕاگەیاندرا، کە لە نیودەلهی بەڕێوەچووە.

هەرچەندە ئامانجە ئابووری و سیاسیەکانی وولاتانی بەشدار لە کۆریدۆرەکەدا هەن، کە بریتین لە بەرزکردنەوەی پەیوەندیی ناوچەیی و هاوکاری ئابووری، بەڵام سەرکەوتنی کۆریدۆرەکە تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بە دیمەنی ئاڵۆزی جیۆپۆلەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە بەندەری حەیفای ئیسرائیلی، پێشبینی دەکرێت دەروازەی سەرەکی ئەو کۆریدۆرە بێت، بۆیە لەگەڵ بەندەرەکانی باشوور و ڕۆژئاوای ئەوروپا، پەرەپێدان و تەواوکردنی ڕێڕەوی ئەو پرۆژەیە زیاتر پەیوەست دەبێت بە ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان سعودیە و ئیسرائیل، یان لانیکەم گەیشتن بەرێکەوتن و لێکتێگەیشتن سەبارەت بە بەشی باکووری کۆریدۆرەکە، کە بەدەستهێنانی ئەمەش ئەستەمە، مەگەر بەرێکخستنی دۆخی غەززەی دوای جەنگ دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، شەڕی ئیسرائیل لەسەر غەززە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆژەکان، کەڕووبەڕووی ئاستەنگی دەبنەوە، کە وا دەکات جێبەجێکردنیان لە ماوەیەکی نزیکدا ئاسان نەبێت.

تەماحە ئابوورییەکانی هیندستان کە پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٦ ئەڵمانیا تێپەڕێنێت و ببێتە چوارەم گەورەترین ئابووری لە جیهاندا، پاڵی بە سەرۆکوەزیرانی هیندستانەوە ناوە کە قووڵکردنەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە پێشینەی کارەکانیدا دابنێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیەکانی پەیوەست بە هاوردەکردنی وزەو هێزی کارە لە هیندستان.

گەشەی پەیوەندیەکانی چین لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، هاندەری هیندستان بووە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی نیگەرانی هیندستان سەبارەت بە هەوڵەکانی چین بۆ درێژکردنەوەی کاریگەریەکانی لەڕێگەی ئەو بەندەرانەی کە دەڕواننە "دەریای عەرەبی و گەروی باب المندب" بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی، کە گرنگترین هێڵەکانی بازرگانی هیندستانە لەڕێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئەوروپا.

ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو، لە ئێستادا گەورەترین بلۆکی هاوبەشی بازرگانیە بۆ هیندستان، بەهای بازرگانی دوو قۆڵی لە ساڵی دارایی ٢٠٢١-٢٠٢٢ گەیشتووەتە زیاتر لە ١٥٤ ملیار دۆلاری ئەمریکی، هەروەها ئیمارات و سعودیە بوونەتە سێیەم و چوارەم هاوبەشی بازرگانی بۆ هیندستان.

لەناو وڵاتانی "ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو"دا بەتایبەتی سعودیە، ئیمارات و قەتەر، هەڵپەکانی "طموح" هیندستان دەنگی دایەوە، کە بە گرنگیدانێکی زیاترەوە سەیری هیندستانیان دەکرد، وەک بازاڕێکی گرنگی گەشەسەندو بۆ هەناردەکردنی وزە، هەروەها دابینکردنی پرۆژەی هاوبەش کە لەگەڵ ستراتیژیەتی وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت و گاز و گواستنەوە بگونجێت، بۆ وەبەرهێنانێکی زیاتر لە

کەرتەکانی وزەی نوێبووەوە و تەکنەلۆژیادا.

وەک ئاماژەیەک بۆ هەوڵەکانی هیندستان بۆ کێبڕکێ لەگەڵ کاریگەری چینی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمپانیایەکی هیندی بەندەری حەیفای ئیسرائیلی کڕی، بۆئەوەی ببێتە بەدیلێک بۆ گرێبەستێکی هاوشێوەی چینی کە لەلایەن واشنتۆنەوە ڕاگیرا، کە هەوڵدەدات نیودەلهی بکاتە بەدیلێک بۆ پەکین. پێدەچێت واشنتۆن هەوڵی ئەوە بدات هیندستان وەک ڕکابەرێک بۆ چین لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاربهێنێت، کە نیودەلهی پەیوەندیە سەربازی و ئابووری و کارەکانی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی دەپارێزێت.

کۆنترۆڵکردنی بەندەری "ستراتیژی" ئیسرائیلی حەیفا" لەلایەن هندستانەوە بەشێکە لە ستراتیژیەکی نوێی ناوچەیی کە هەوڵئەدات دەوری هەبێت بۆ سنورداركردنی کاریگەری چین، لەلایەکی تریشەوە تێکەڵبوونی ئیسرائیل بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست خێراتر دەکات.

لەژێرڕۆشنایی هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ گەمارۆدانی کاریگەریەکانی چین لە هەموو شوێنێک، هیندستان یەکێکە لە ئامڕازەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بە هەوڵدان بۆدیاریکردنی بەدیلێک لەبەرامبەر پەکیندا.

لەگەڵ باشتربوونی پەیوەندیەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی دراوسێ لەبەرڕۆشنایی خێراکردنی ئاساییبونەوە، دەرفەتی بازرگانی نوێ بۆ ئیسرائیل دەکرێتەوە، حەیفاش لە دۆخێکی باشدایە بۆئەوەی گەشە بکات بۆ ناوەندێکی ناوچەیی و ئیستغلالکردنی شوێنی ستراتیژیی خۆی کە ڕکابەری میسر و کەناڵی سوێس دەکات

بۆیە بوونی کۆمپانیاکە لە ئیسرائیل ئاماژەیە بۆ زیادبوونی بازرگانی دەریایی لەنێوان ئاسیا و ئەوروپا و هەوڵەکانی نیودەلهی بۆ ئەوەی ناوەندێک لە دەریای ناوەڕاستدا هەبێت، بەندەری حەیفا نزیکەی ٥٠٪ی سەرجەم کاڵای ئیسرائیلی لێوە دەگوێزرێتەوە.

بەندەری حەیفای ئیسرائیل لەڕوانگەی ستراتیژیەوە بە چەند هۆکارێک بە گرنگ دادەنرێت، دیارترینیان لەبەرئەوەی دەکەوێتە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست وەک گورەپانێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا . هەروەها بەندەری حەیفا دەستگەیشتنێکی خێرا بۆ شارە گەورەکان و ناوەندە پیشەسازیەکانی ئیسرائیل دابین دەکات، ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی کارامەی کاڵا و سەرچاوەکان.

خاوەندارێتی هیندستان لە بەندەری حەیفا ئەگەری ئەوەی هەیە بێتەهۆی ئاڵوگۆڕی زیاتری کاڵا و خزمەتگوزاری و وەبەرهێنانی دارایی لەنێوان هیندستان و ئیسرائیل و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، ئەمەش ئابووری هیندستان بەرزدەکاتەوە.

هیندستان لەگەڵ بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی بەندەری حەیفا، دەتوانێت پەیوەندیەکانی بە ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا باشتر بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک و کاڵا و سەرچاوەکان لە نێوان ئەو ناوچانەدا ئاسانتر هاتوچۆ بکەن.

کۆنترۆڵکردنی بەندەری حەیفا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیندستان سوودێکی ستراتیژی لە ناوچەکەدا هەبێت، ئەمەش ئاسایشی دەریایی بەرز دەکاتەوە و ڕێگەی پێدەدات بگاتە ڕێڕەوی کەشتیوانی گرنگ، هاوشێوەی هەوڵەکانی چین.

ئیمارات بزوێنەری سەرەکی ئاساییکردنەوەی وڵاتانی عەرەبیە لە ناوچەکەدا، لەبواری هاوکاری ئابووری و بەتایبەتی لە بواری گواستنەوەدا لەگەڵ تەلئەبیب دانوستانی چالاک ئەنجام دەدات و لەهەمانکاتدا پەیوەندیەکی نزیکیشی لەگەڵ پەکین هەیە.

ئەمریکا هەوڵدەدات یەکگرتنی ناوچەیی لەنێوان هاوبەشەکانیدا بەرزبکاتەوە، ئەمەش بەشدارە لە کەمکردنەوەی بری ئەو سەرچاوانەی کە ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرجیان دەکات، لە درێژخایەندا بەبێ ئەوەی بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی خۆی بکاتە قوربانی. بەهێزکردنی یەکگرتنی ناوچەیی یەکێکە لە پایەکانی ستراتیژی نوێی بایدن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە جگە لە پاراستنی هاوبەشی ناوچەیی و ڕاگرتن و کەمکردنەوەی گرژیەکان و هەوڵدان بۆ ئارامبونەوەی دۆخی سیاسی ناوچەکە.

پێشنیاری ئەمریکا بۆ بەستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هێڵی ئاسنین، پەیوەستە بە دەستپێشخەری "هاوبەشی بۆ ژێرخانی جیهانی و وەبەرهێنان"، کە واشنتۆن و گروپی حەوت وڵاتی (G7) لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا ڕایانگەیاند، بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی "دەستپێشخەری پشتێنە و ڕێگا"ی چین، کە کاریگەری نێودەوڵەتی زیاتر بە پەکین دەبەخشێت.

هۆکارێک کەرێگرە لە پێشکەوتنی پرۆژەکانی "ڕێڕەوی ئابووری" لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەم پرۆژانە سەرکەوتوو نین لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە دەبنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی و گرژیە بنەرەتیەکانی ناوچەکە، ئەوەش ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێرانە، ئەو ڕاستیەی کە هەڵمەتی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەززە هەوڵەکانی ئەمریکای پووچەڵکردۆتەوە بۆ ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی، لەلایەکی ترەوە ڕکابەری سعودیە و ئێرانە.

بەگشتی دوای چەندین ساڵ لە ناجێگیری دۆخی سیاسی ناوچەکەو ململانێی وڵاتانی زلهێزی دنیا و کاریگەریان لەسەر زیاتر وێرانکاری عێراق و سوریاو لیبیا و یەمەن و لوبنان، ئاراستەیەک لە ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕ لە دۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتوتە بەرەوە، کە ئەوە دەخاتەبەر ئەجندای نەخشەو سیاسەتی لایەنەکانی دەخیل لە ناوچەکەدا، کە لەدواشیکردنەوەدا پێویستیان بەوەیە بۆ دامەزراندن و جێگیرکردنی سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان

# لە ماریاوە بۆ زەهرا و فەیرووز،
# دەسەڵات بەرپرسە لە کوشتنی ژنان

سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٧ ی نیسان و لە شیرینی خەودا فەیرووزی تەمەن ٢١ ساڵان لەلایەن باوک و برا گەورەکەی و کەسانێکی تری خزمانیەوە کوژرا. فەیرووز لە مانگی ١١ ی ساڵی پاردا لەلایەن دوو تیک تۆکچییەوە لە باڵەخانەیەکەوە خرایە خوارەوە و ماوەی ئەم ٥ مانگە لەژێر چارەسەردا بووە. کاتی ڕووداوەکە دوو کەسی تۆمەتبار دەستگیر کران، بەڵام چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئازاد کراون. ڕاستەوخۆ دوای ئازادکردنی ئەمان، فەیرووز لەلایەن کەسوکاری خۆیەوە کرایە قوربانی و گیانی لێ سەندرایەوە. هەر چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر و لەسەر شەقام، زەهرای تەمەن ٢٣ ساڵ لە سەر شەقامێکی ناودار و بە ئاشکرا کوژراوە.

لەسایەی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورددا، کوشتنی ژنان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیەو بوتە پەڵەیەکی شەرمەزاری بنێوچاوانی سیستەم و دەسەڵاتەکەیەوە. حکومەتو سەرانی دەسەڵات کەرۆژانە پروپاگەندەی "مافەکانی ژنان" وئاشتی کۆمەڵایەتی" و "ڕاوەستانەوە بەدژی توندوتیژی لەدژی ژن" دەکەن، کەچی هەر ساڵە، ڕێک بە دوای بۆنەکانی ٨ ی مارس و ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژناندا کوشتنی ژنێک یان چەند ژنێک وەک سوژنێکی سوورەوەکراو ئەچزێ بە جەستەی کۆمەڵگەدا.

ئەوەی کە ژنان لە شەقام و شوێنی گشتیدا و بە ئاشکرا ئەکوژرێن، ئەوەی کە بە پەنهانیش لە پزیشکی دادوەری دەیان و بگرە سەدان کەیسی کوشتنی ژنان دیزەبە دەرخۆنە ئەکرێ، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی کوردایەتی لێی بەرپرسیارە. ئەوە ئەوانن برەو بە فەرهەنگی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی دژە ژن و ژنئازاری ئەدەن، ئەوە ئەوانن بە فەرمی ولەپەرلەمانەوە، فرەژنی بەیاسیی دەکەن. تەنانەت ئەوە هەرئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی ودەسەڵاتەکەیانە ڕێگەیانداوە بەوەی دەیان مینبەر و مایکرۆفۆنی مزگەوتەکان و تی ڤیەکان ئازادانە لەدژی ژنان قسە بکەن و تەنانەت فەتوای کوشتنیان بدەن.. بەم جۆرەش ئەوە دەسەڵاتە کەماشێنێکی دڕندە و توندوتیژ و ژنکوژی بەرداوەتە گیانی کۆمەڵگە و ژنانەوە ولەولاشەوە بکوژی ژنان ئازادانە دەسوڕێنەوە. هەربۆیە ئەوە دەسەڵاتە کەدەبێ لەلایەن کۆمەڵگە و خەڵکانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازەوە یەخەی بگیرێت. کوشتنی ماریاکان و فەیرووزەکان و زەهراکان هیچ پاساوایک هەڵناگرێو نابێ کۆمەڵگا بەگشتیو ژنان بەتیابەتی لەم تاوانانە بێدەنگ بێت.

ڕوداوی کوشتنی فەیرووز و زەهرا، کە بە ئاشکرا و بە بەرچاوی کۆمەڵگە و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕیزێکی فراوان لەقونسوڵگەری ولاتانی ئەوروپایی کەبانگەشەی "دیموکراسی ومافی مرۆڤ" و"ئازادی تاک" دەکەن، بیانەوێ و نەیانەوێ بەو چاوپۆشییەیان لە دەسەڵاتی کوردستان، ئەبنە بەشێک لە کوشت و کوشتاری دژە ژنان.

ئەم دۆخەی ژنان پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی هەمووان هەیە. ڕێکخراوەکانی ژنان، کەسایەتیەکان و هەموو بەش و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەسەریانە لەلایەک فشاری خۆیان بۆ سەر دەسەڵات توند بکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانیان بخەنە ژێر فشارەوە تاکو چیتر ڕێگە بەتاوانەکانی ژنکوژی وئازاردانی ژنان نەدرێ و داوا بکەن تەواوی تۆمەتباران ڕووبەڕووی یاسایەکی بێلایەن و دادوەر بکرێنەوە و سزای تاوانەکانیان وەربگرن.

بۆ ئەوەی بکوژانی فەیرووز و زەهرا و ماریا و ژنانی هاوشێوەیان بە سزا بگەیەنین پێویستە نوکی ناڕەزایەتی و نەفرەتمان ڕوو لە دەسەڵات و داموەزگاکانیان بکەین.

کۆمیتەی هەولێری
حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
١٩ ی نیسانی ٢٠٢٤

⇨ و ڕکابەری نێوانیان، دەبێت دۆخی ناوچەکە سیمایەکی ئارامی و سەقامگیری سیاسی بەخۆیەوە ببینێت، بۆنمونە پەیوەندی و پرۆژەکانی "ڕێڕەوی ئابووری" و دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگا" کە ڕێڕەوێکی پێشڕەوی لە دامەزراندنی سەرمایەگوزاری چین و هندستان نیشان ئەدات، هەرچەندە کێبڕکێ و وەستانەوە لەبەرامبەر یەکتردا لەلایەن هەرلایەنێک لە پرۆژە ئابوریەکانیدا دەبینرێت، کە لەوێنەی ڕکابەری و بەرامبەرکێی ئەمریکا و هندستاو چین و ڕوسیا و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەردەکەوێت، بەڵام لە دواجاردا لە دامەزراندنی ڕێڕەوی ئابوری بەستنەوەی هندستان و چین و کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئەورووپاوە، پێویستی بە دابینکردنی ئاسایشێکی پتەوە بۆ گواستنەوەو وەبەرهێنان لە ناوچەکەدا، هەر بەم ئاراستەیەش ئەگەری کۆتاییهێنان بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە دەکاتە پێداویستیەکی حەتمی.

☆

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com